# تیۆریی فیدراڵیزم

د. خۆشەوی مەلا ئیبراهیم*

## فیدراڵیزم و کۆنفدراڵیزم

وشەی فیدراڵیزم لە زاراوەی لاتینی فیدوز (foedus) واتە ((یەکێتی))، یان ((یەکێتیی هاوپەیمان))ەوە هاتووە. هەر لەم وشەیەوە، زاراوەی کۆنی ((فیدراسیا)) لە رۆمی کۆن بە مانای ((یەکگرتنی هاوپەیمانان)) وەرگیراوە. لە سەردەمی نوێدا لە پاش پێکهێنانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا واتای فیدراڵیزم بە مانای ((یەکگرتنی وڵاتان))، یان وڵاتێك کە خاوەنی چەندین حکوومەتی خاوەن یاسای بنچینەیی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و دادوەری تایبەت بە خۆیان بن، بەکارهێنراوە. لە فیدراڵیزمدا حوکم دژی سیستەمی یونیتاریUnitary بەڕێوەدەچێت، واتا دژی دەسەڵاتێکی ((یەکگرتوو)) کە لە رژێمێکی ئاوادا یاساو بەڕێوەبردنی ئیداری بۆ هەموو وڵات بەیەك شێوەیە. کۆنفدرالیزم جیاوازییەکەی لەگەڵ فیدراڵیزمدا ئەوەیە کە مانای ((وڵاتی یەکگرتوو دەدات)) کە هەریەکە خاوەنی سەربەخۆیی خۆیەتی و بڕیارەکان بە شێوەیەکی هاوبەش وەردەگیردرێن، ئەندامانی کۆنفیدراڵی خاوەنی لەشکرو پۆلیس و بودجە و دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆن و بڕیارەکان بە ئاگاداری یەکتر وەردەگرن، بەڵام لە هەموو وڵاتانی خاوەن قەوارەی کۆنفیدراڵی، دەسەڵات و هەڵسوکەوت بە یەك جۆر نییەو جیاوازییان هەیە. هەندێ وڵاتی فیدراڵی وا لە قۆناغی پەڕینەوەن بۆ کۆنفدرالیزم، یان لە وڵاتی یونیتاریدا مافی هەبوونی ئۆتۆنۆمی بەرچاو دەکەوێت. بۆ نمونە وڵاتی ئیسپانیا بە واتای وشە وڵاتیکی فیدراڵی نییە، (چونکە بەپێی بڕگەی ١٤٥ی یاسای بنچینەیی ئیسپانیا فیدراڵیزم قەدەغەیە)، بەڵام بەپێی یاسای بنەڕەتی ساڵی ١٩٨٧، ئەو وڵاتە بە وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە زمان دانراوە. بەپێی ئەو یاسایە ئەم وڵاتە بەسەر ١٧ ناوچەی ئۆتۆنۆمی خاوەن دەسەڵاتێکی بەرفراوان دابەشکراوە و لەوانە وڵاتی باسکەکان زێترین دەسەڵاتی هەیە. لە ساڵی رابردووشدا لە ریفراندەمێکدا کاتالۆنیاش ئەو مافەی وەرگرت. بۆیە لە ئیسپانیادا دیاردەی قۆناغی پەڕینەوە بەرەو فیدراڵییەتێکی تەواو بەرچاو دەکەوێت. ئەم دیاردەیە لە بەریتانیاش قۆناغ بە قۆناغ لەو ناوچانەی کە خاوەنی قەوارەی نەتەوەیی و زمانی سەربەخۆن وەکو (سکوتلاند و وێلز و هتد ) بەرچاو دەکەوێت و دەبنە خاوەنی سەربەخۆیی زیاتر.

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی فیدراڵیزم چۆنیەتی دیاریکردنی دەسەڵاتە. بۆ جاری یەکەم لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا، ئەو ئەرکە دەست نیشانکرا. دەسەڵات لە دوو پارلمان پێکدێت یەکەم بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەلایەن خەڵکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هەڵدەبژێردرێت و دووەم کە بە پارلمانی (پالات)ی سەرەوە دەناسرێت بە شێوەیەکی یەکسان لەلایەن ئەندامانی فیدراڵییەوە دادەنرێت، یان هەڵدەبژێردرێت. پارلمانی خوارەوە بە شێوەیەکی یونیتاری و پارلمانی دووەمیش بە شێوەی کۆنفیدراڵی هاتوونەتە دی.

یەکێ لە دیاردەکانی تری فیدراڵیزم دیاریکردنی دەسەڵاتی ناوەندو هەرێمەکانە کە هەریەکە لەو دامودەزگایانە بە رادەیەکی زۆر سەربەخۆن. هەمواركردنی بڕگەکانی یاسای بنەڕەتی مانای ئەوە ناگەیەنێت کە پێویستە هەموو ئەندامانی فیدراڵ پەسەندی بکەن، لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا بۆ هەمواركردنی بڕگەکان، ٢/٣ ی دەنگ پێویست دەکات. لە حاڵەتی دروستبوونی کێشە لەنێوان ناوەندو هەرێمدا، دادگای باڵا، یان دادگای تەمیز بەپێی بەرژەوەندی ئەو کێشەیە چارەسەردەکا کە داخوا کامە لا زێتر لەسەر حەقە و لە بنەمایەکانی یاسای بنەڕەتی نزیکە. لە سوێسرا ئەو کێشەیە لە رێگەی ریفراندەمەوە چارەسەر دەکرێ. لەسەردەمی ئێستاماندا فیدراڵیزم گرنگییەکی تایبەتی لە جیهاندا وەرگرتووە. لە ناوەندی سەدەی نۆزدەهەمدا، زانای بەناوبانگی فەرەنسی ((پرودون)) دەیگووت: سەدەی بیستەم دەبێتە سەدەی فیدراڵیزم، هەروەها ((رێمون ئارون))ی زانا و فەیلەسوف و کۆمەڵناسیش لەو بڕوایەدا بوو کە چۆن لە سەدەی نۆزدەهەمدا مارکسیزم ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا، ئاواش لە سەدەی بیستەمدا فیدراڵیزم دەبێتە چاکترین شێوەی دەربازبوون لە کێشە و ئاریشەکان. لەو دە ساڵانەی دواییدا ئێمە شاهێدی پێشکەوتنی دیاردەی فیدراڵین، واتای ((وردکردنەوەی وڵاتانی نەتەوەیی)) هاتوتە ئاراوە. لە جێگای وڵاتانی سەربەخۆ، دەسەڵاتی ناوەندی کەم بۆتەوەو دەسەڵاتداریێتی فیدراڵی سەقامگیر دەبێت. باشترین نمونە وڵاتانی ئەوروپان کە لە باری وڵاتگەلێکی سەربەخۆ و جوداوە بەرەو یەکگرتنێکی فیدراڵی هەنگاو دەنێن، بۆیە لە هەندێ شوێنی جیهاندا، حاڵەتی شۆرشی فیدراڵی ئەوروپایی روودەدات و ئەمەش هەموو وڵاتانی گەورەی جیهانی جگە لە وڵاتی توتالیتاری چین، گرتۆتەوە، وڵاتانی وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، رووسیای فیدراڵی، کەنەدا، ئوسترالیا، وڵاتانی ئەمریکای لاتین: مکسیك، ئەرجەنتین، برازیل، ڤینزۆیلا و کۆلۆمبیا، لە ئەفریقا وڵاتانی وەکو: ئەفریقای باشوور، نێجیریا، تانزانیا، لە ئاسیا وڵاتانی وەکو: هندستان، پاکستان، مالیزیا، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی وهتد..لە ئەوروپا وڵاتانی وەکو سوێسرا (کە کۆنترین وڵاتی فیدراڵییە)، بەلجیکا، ئالمان، نەمسا. دەکرێ بڵێین دورگەکانی میکرۆنوزی وکومورسك-یش فیدراڵین. وڵاتانی فیدراڵیی ٥٠٪ وشکایی سەرزەوی پێکدێنن و هەر ئەم ژمارەیەش بەشی بەرهەمی گشتی ناوخۆیی ئەم وڵاتانەیە لە جیهاندا، ژمارەی دانیشتوانی وڵاتە جۆراوجۆرە فیدراڵییەکان بە ئۆتۆنۆمیشەوە بریتیین لە ٨٠٪ ی دانیشتوانی

سەرزەوی و بە شیمانەی زۆریشەوە ئەم ژمارەیە لە ساڵانی داهاتودا بەرەو زیادبوون دەڕوات. بەپێی وتەکانی سیاسەتمەداری ئەمریکی ((ئی. دیوچێسیك)): فیدراڵیزمی راستەقینە، منداڵی دیموکراسییەو لەو شوێنانە جێبەجێ دەکرێت کە گروپەکانی کۆمەڵگا دان بەم مافە دابنێن. بەم مانایە دیکتاتۆری لەگەڵ مەرجەکانی فیدراڵیزمدا یەکناگرێتەوە. فیدراڵیزم مانای پێشکەوتنی سروشتیی بیروڕاکانەو ئۆتۆنۆمی راستەقینەش، ئۆتۆنۆمی گروپی و کۆمەڵگایە، کە بەپێی بنەماگەلی دیموکراتی دروست دەکرێن. فیدراڵیزم بریتییە لە پێشکەوتنی دامودەزگاکانی دەسەڵاتێکی دیموکراتی کە لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسایی و دادوەری پێکدێن. هەروەها رادەی خۆبەڕێوەبردن، جوگرافیای نەتەوەیی هەرێمەکان لەگەڵ ناوەندا جودادەکاتەوە، هەر هەرێمە بە شێوەیەکی دیاریکراو دەسەڵاتی سەربەخۆی خۆی هەیە. لەم حاڵەتەدا فیدراڵیزم دژایەتی کۆکردنەوەی حوکم لە دەست یەك گروپ، یان کەسێکی دیاریکراودا دەکات. لە وڵاتێکی دیموکراتیی فیدراڵیدا، دەسەڵات بەرژەوەندییە (جوگرافیایی-نەتەوەیی)یەکان، مسۆگەر دەکات. بۆ ئەم گەرەنتیکردنە فیدراڵیزم دێتەکایەوە. زۆرجار کەسانی دژ بە فیدراڵیزم ئەو بەڵگەیە دێننەوە کە گوایە دەسەڵاتی یونیتاری کارامەترەو دژایەتی نێوان ناوەندو هەرێم لەناودەبات، بەڵام ئەوە لەبیر دەکەن کە دەسەڵات بۆ رەزامەندیی گەلەو ئەوان پێیانوایە هەبوونی خەڵك بەپێی ویستی دەسەڵاتدارانە و ئەگەر بە گوێرەی ئەم بۆچوونە بێت دەبێ هەموو خەڵکانی سەرزەوی ببنە خاوەنی یەك زمان و دەرگای هەموو مۆزەخانەکان وتئاترەکان دابخەن و زۆر بەرهەمی تری کولتووری قەدەغە بکرێ.

**کێشەی سەروەری لە سیستەمی فیدراڵیدا**

یەکێ لە کێشەکانی فیدراڵیزم دەستنیشانکردنی مافی سەروەرییە. بۆ یەکەمجار مانای سەروەری (Sovereign) لەلایەن سیاسەتمەداری فەرەنسی، جان بۆدێن لە سەدەی ١٦دا بە مانای ((بەڕێوەبەری باڵا))، یان دەسەڵاتی بەرز لە چوارچێوەی وڵاتێکدا هاتووە. بۆ نمونە پادشای فەرەنسا لە فەرەنسا و سوڵتانی تورکیا لە تورکیا سەروەر بوون، هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتی میرنشینی وەك (بورگوندسك و میرنشینە کوردییەکان یان مۆلداڤی یان والایی) هەبوون، وەلێ سەروەر نەبوون و تەنیا دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی بەشێك لە کاروباری حکوومەتیان بەئەستۆوە بوو، لەو کاتدا هەموو دەسەڵات هی خاوەن شکۆ واتە پادشا بووە، ئەم سەروەرییەش لە خواوەوە وەرگیراوە، بەڵام زۆری پێ نەچوو مافی سەروەری درا بەگەل و واتای ((سەروەری نەتەوەیی)) پەیدابوو، بەپێی ئەو پێناسەیە هەموو دەسەڵاتێك هەتا پادشایەتیش دەبێ بەپێی ئیرادەی گەل بێت، ئەو بیروڕایانە بۆ یەکەمجار لە ئەمریکا لە ئاستی حکومیدا لە جاڕنامەی سەربەخۆیی لە (١٧٧٦)دا هەن، هەروەها لە بەندی سێیەمی بەیاننامەی مافی مرۆڤی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩دا میللەت بە سەرچاوەی دەسەڵات ناوبراوە، هیچ رێکخراو و کەسێك بەبێ رای گەل ناتوانێت نوێنەری نەتەوە بێت، ئێستاش خاڵە سەرەکییەکانی بەیاننامەی

((مافی مرۆڤ و هاوڵاتیان)) لەژێر کاریگەریی شۆڕشی فەرەنسا، لە یاسای بنچینەیی فەرەنسا داهاتوون، هەبوونی بیروڕای ((مافی خوایی)) لەناوبردراوە. گەورەترین دیکتاتۆریش کە باسی هێزی خۆیان دەکەن، پەنجە بۆ سەرچاوەی نەتەوە ڕادەکێشن، لە پاش پەسەندکردنی یاسای بنەڕەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٨٧ و هەروەها بنیاتنانی وڵاتانی تر هەر بەپێی ئەو چەشنە فیدراڵییە، ئەو پرسیارە خرایە بەردەم مافناسانەوە کە ئایا سەروەری بکەوێتە دەست ناوەند یان ویلایەتەکان؟ ئەو پرسیارە لەنێوان مافناس و سیاسەتمەداران بوو بە جێگای مشت ومڕو سێ جۆرە بیروڕا هاتنە ئارا: یەکەم ((گ. ئێلینێك.ڕپ. لاپاند.ڤ. ئویلوبی)) لەو بڕوایەدا بوون لە فیدراڵیزمدا دەبێ ناوەند خاوەن سەروەری بێ و لەو کاتەدا دەتوانین باسی وڵاتێکی یەکگرتوو بکەین، بەڵام بەپێچەوانەوە ((م.زەیدل)) و((ج.کێلهون)) لەو بڕوایەدان کە ویلایەتەکان دەبێ خاوەن سەروەری بن، چونکە هەر ئەوان وڵاتێکی فیدراڵیان پێکهێناوە و دەبێ مافی ئەوەشیان هەبێ لەو یەکگرتنە دەربچن، بەڵام ((ئا. دی توکڤیل)) هەڵوێستێکی مام ناوەندی هەیەو دەڵێت: دەبێ سەروەری بەیەکسانی لەنێوان ناوەندو ویلایەتەکاندا دابەش بکرێ، ئەم بۆچوونە دژی بنەمایەکانی سەروەرییە و هەرچەندە لایەنگرانی ئەو تیۆرییە لەو بڕوایەدان کە هەر لەسەرەتای دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەریدا، مانای دژایەتی لەگەڵ سەروەریدا ناگەیێنێت.

### فیدراڵیزمی ئارەزوومەندانە و دەستووری، مافی جیابوونەوە

مافناسان جیاوازی لەنێوان فیدراڵیزمی ئارەزوومەندانەو دەستووری دادەنێن. فیدراڵیزمی ئارەزوومەندانە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێکی هاوسان لەنێوان دەسەڵاتدارانی سەروەر دەبەسترێت، بەڵام فیدراڵیزمی دەستووری، پەسندکراوی دەسەڵاتی گشتی نەتەوەیە. لە فیدراڵیزمێکی ئارەزوومەندانەدا سەروەری بۆ ئەندامانی فیدراڵی دەگەڕێتەوەو بەپێی ئەو بۆچوونە مافی جودابوونەوەشیان هەیە، بەڵام لە فیدراڵیزمی دەستووریدا، ویلایەتەکان ئەو مافەیان نییە. هەرچەندە مافناسان دان بەوەدا دەنێن کە جیاوازی لەنێوان فیدراڵیزمی ئارەزوومەندانە و فیدراڵیزمی دەستووریدا، زۆر کەمە. نموونەی یەکەم ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە و نموونەی دووەم وڵاتانی ئوسترالیاو کەنەدان کە بەپێی ڕێنماییەکانی پارلمانی بەریتانیاو بەیاننامەکانی پادشایی هاتوونەتە دی. ویلایەتە یەکگرتووەکان هیچ کاتێك وڵاتە جۆراوجۆرەکانی، سەربەخۆ نەبوون. وڵاتانی دەستووریی ئوسترالیاو کەنەدا لە ئاکامی ڕێککەوتن لەنێوان کۆلۆنییەکانی بەریتانیا هاتوونەتە دی. پارلمان و پادشای بەریتانیا تەنیا بە شێوەیەکی ڕەسمی ئەم ڕێککەوتنەیان پەسەند کردووە. بە شێوەیەکی تیۆری ولایەتە یەکگرتووەکان مافی جیابوونەوەیان هەبوو، بەڵام کاتێك ویلایەتەکانی باشوور لە ساڵی (٦١- ١٨٦٠)دا جودابوونەوەو شەڕی ناوەخۆیی دەستی پێکرد سەرۆك ((لینکۆلن)) ئەو ویلایەتانەی بەبەرهەڵستکار لە قەڵەمداو وەکو مافی جیابوونەوە حیسابی بۆ نەکردن. لەلایەکی ترەوە وڵاتێکی وەکو

چیکوسلۆڤاکیا هەڵوەشایەوەو کەنەداش چەندجارێ هەڕاو هەندەی نەمابوو لێکهەڵبوەشێتەوە، هەرچەندە ئەو دوو وڵاتە بە فیدراڵی دەستووری دەژمێردرێن. لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا کە سەروەری بۆ ئیرادەی گەل دەگەڕێتەوە و ئەو مافە دروشمێکی دیماگۆگی نییە و دەسەڵات تەنیا خزمەتی گەل دەکات و ویستی گەل بەبەرزترین بڕیار دادەنرێت، حکوومەتیش ناچارە پەیڕەوی لە داخوازییەکانی گەل بکات. وڵاتانی خاوەن مەدەنییەت، گەل لە سەرووی هەموو شتێکەوە دادەنێن. لەو شوێنانەی کە کۆمەڵگا لەلایەن گروپێکی ئیتنیکی و بیرۆکراتەکانی سوپاوە بەڕێوەدەچێت، بەرژەوەندی خۆیان لە پاراستنی دەسەڵاتێکی یەکگرتوودا دەبیننەوە. ئەو دەسەڵاتدارانە بە هەر نرخێك بێت ئامادەن، یەکپارچەیی وڵات بپارێزن و لێرەدا مەنتیقێکی تایبەتی زاڵە کە زۆرجار دژایەتی دروشمەکانی پێشوی خۆشیان دەکەن، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە ئەو جۆرە دەسەڵاتانە جیاوازی لەنێوان ئۆتۆنۆمیەکی راستەقینەو جیابوونەوەدا نابینن و هەردوو جۆرە ماف بە مەترسی بۆ سەر خۆیان دەزانن و وا هەست دەکەن هاتنەکایەوەی ئەو مافە چوارچێوەی دەسەڵاتیان کەمدەکاتەوە، هەندێجار هێنانەکایەوەی مافی ئۆتۆنۆمی ئەو مەترسیە بۆ ئەوان دروست دەکات کە لەوانەیە بەشەکانی تری وڵات داوای ئەو مافە بکەن، بۆیە لەو حاڵەتەدا مافی جیابوونەوە ئاسانترە، بۆیە ئەو گروپانە ئامادەن تا بۆیان دەکرێ دژی ئەو داخوازییانە بوەستن و نەچنە ژێر باری داننان بەو مافەو سازش لەسەر ئەوە بکەن یەکپارچەیی وڵات بپارێزن. بۆ جاری یەکەم ڕووداوی لەو چەشنە بەسەر ئینگلیزەکاندا هات و ئەوان ئەو کاتە ناچار بوون دان بە جودایی کۆلۆنیالەکانیاندا بنێن بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەمریکا. ئەوەش لەندەنی ناچارکرد دەست لە کاروباری ناوەخۆیی کۆلۆنییەکان وەرنەدات.

### تیۆریی فیدراڵیزمی دوالیستی

هەروەکو گوتمان یەکەم شێوەی فیدراڵیزمی سەردەمی نوێ شێوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، لە داڕشتنی یەکەمین یاسای بنچینەیی، ئەمریکا بە باوکی دامەزرێنەر دەژمێردرێت. لێرەدا هەوڵ دراوە جیاوازی نێوان هێزەکانی دەسەڵات: جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری بە شێوەیەکی ئاشکرا دیاریبکرێت، هەروەها ئەرکی هەریەك لە ناوەندو ویلایەتەکان دیارو ئاشکرا بێت و هیچ ولایەتێك نەتوانێ خۆی بەسەر لایەنێکی تردا بسەپێنێت و بە شێوەیەك کە هەر هێزێك بە جیا لە شوێنی خۆیدا بێت، ئەو شێوە بۆچوونە لەلایەن مافناسی ئەمریکی ((ئی.کوروئینا)) لە ساڵی ١٩٣٠ دا بە ناوی تیۆری فیدراڵیزمی دوالیستی پشتگیری لێکرا، بەڵام پاشان دادگای باڵای فیدراڵیی ئەمریکا کۆتایی بەو بۆچوونە بە شێوەی تیۆری و پراکتیك هێنا. لە کۆتایی ساڵانی ١٩٣٠دا لە کێشەیەکی دادوەری بە ناوی ((ویلایەتە یەکگرتووەکان دژی داربی)) بڕیارێك درا کە بەم شێوەیە نووسراوەو دەڵێ: ((حکوومەتە فیدراڵییەکان بۆیان نییە چوارچێوەیەك بۆ دەسەڵاتی فیدراڵی دابنێن)).

بەو شێوەیە ئەو هێزە سەربەخۆییەی کە حکوومەتی ویلایەتەکان هەیان بوو کەمکرایەوە. تا

ئەو سەردەمە هێزەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی مافی ئەوەیان نەبوو دەست لە کاروباری ناوخۆی حکوومەتی ویلایەتەکان وەربدەن، تەنیا لەسەر لەشکرو سیاسەتی دەرەوەو سیاسەتی کومرگی هاوبەش یەکیان گرتبوو.

بەپێی گۆڕانکارییە ئابوورییەکان، بۆچوون و ئامانجەکانی فیدراڵیش لە گۆڕان دان. ئەو ئامانجانە تەنیا ئامرازی گەیشتنن بە ئامانجە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانن، بۆیە تیۆریی فیدراڵیزمی دوالیزم گۆڕاو جێگای خۆی داوە بە ((فیدراڵیزمی هاوکاری)).

## فیدراڵیزمی هاوکاری

**(Cooperative federalism )**

ئەو واتا زانستییە لە ساڵی ١٩٣٨ دا بەکارهێنرا کاتێك خاتوو ((ج.کلارك)) لە شاکارێکدا بە ناوی The rise of a new federalism باسی پرۆسەی نوێی روزڤێلێت لەمەڕ فیدراڵیزم دەکات. کلارك باسی هاوکاری نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و دەسەڵاتی حکوومەتەکانی ویلایەتی و ناوچەیی دەکات. لە وەڵامی ئەو بۆچوونانەدا ((ج.مکلین)) دەڵێ: ئەو جۆرە فیدراڵزمە وەکو کێکی مەرمەریی marble-case federalism وایەو هەموو شتێك تێکەڵاوە.

لە کاتێکدا ئایدیای فیدرالیزمی دوالیستی بە پێچەوانەیەو هێزە جیاوازەکان لە یەکتر جودا دەکاتەوە. مەبەست لە فیدراڵیزمی هاوکاری ئەوەیە کە حکوومەت توانای ئەوەی هەیە دەست لە کاروباری ژیان وەربدا و سوبسید بدا بە ویلایەتەکان و پرۆگرامی سەرتاسەریان بۆ دابڕێژێت، بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستەش هاوکاریەکی نزیکی ناوەندو ویلایەتەکان بۆ پێکهێنانی کۆمیسیۆنەکانی کار پێویستە. لێکۆڵەرەوان لەم بوارەدا لەسەر ئەو بڕوایەن پێویستیی پێکهێنانی ئەو کۆمیسیۆنانە لەبەر ئەوەیە کێشەی سەخت و دژوار هاتوونەتە بەردەم وڵات، لە هەمان کاتیشدا بیرۆکراتی سەری هەڵداوە. لە سەدەی نۆزدەهەمدا زۆربەی ئەمریکییەکان ژیانیان بە جۆرێك بووە کە پێویستیان بە دیتنی فەرمانبەری حکوومەت نەبووە مەگەر پۆستچی، یان فەرمانبەرێ بووبێ کە کێشەی خانەنشینی بۆ چارەسەر دەکردن و ئەویش بە شێوەیەکی ئاسایی ئەو فەرمانبەرەش هەر خەڵکی ناوچەکەی خۆیان بووە، بەڵام لە سەدەی بیستەم شتی وا مەحاڵ بوو.

ئابورینـاسی سیاسیی ئەمریکی ((مارتوون گرودزینس)) کە لایەنگری فیدرالیزمی هاوکارییە لەبەر سێ هۆکار پشتگیری لەو بیروڕایانە دەکات: یەکەم لەبەر ئەوەی بەرژەوەندییەکی زۆری هەڵبژێردەران لە سیاسەتمەدارانی بەڕێوەبەردا هەیە، چونکە کارەکانی ئەوان ڕەنگ دەداتەوە سەر ویلایەت و هەرێمەکان بەگشتی، دووەم ئەو نوێنەرانەی کە لە ئاستی نەتەوەیی واتە بۆ ئەندامەتی کۆنگریس هەڵبژێردراون چۆنیەتی کارەکانیان دەتوانێ ئاکامی جۆراوجۆری هەبێت و بە تایبەتی کاتێك کە بڕیار لەسەر بڕی سوبسید و قەرزدان، بدەن. سێیەم: ئەم فەرمانبەرانە کە پرۆگرامی گشتی بۆ هەموو فیدراڵیەت لە ناوەندەوە هەتا ویلایەتەکان دادەڕێژن، کارێکی گرنگ ئەنجام دەدەن بۆیە هاوکاریەکی هەمە لایەنەی گەرەکە.

بەرێگەی بەڕێوەبردنی سیاسەتی هاوکاریی فیدراڵی، حکوومەتی ناوەندی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەتوانێت کار بکاتە سەر ویلایەتەکان. بۆ

نموونە ناوەند پرۆگرامی بۆچوون و سوبسید بۆ ویلایەتەکان تەرخان دەکات و لە بەرانبەردا ویلایەتەکان ناچارن پەیڕەوەی داخوازییەکانی ناوەند بکەن. ٨٠٪ ی بڕیارەکان جێبەجێ بکەن و بە ڕێگای ناراستەخۆ واتە بەپێی ئەو پرۆگرامە هاوکاریانە ویلایەتەکان ناچارن پەیڕەوی لە ناوەند بکەن و خۆیان لە سیاسەتی ڕەگەزایەتی و جۆری تری ناتەبایی و نەتەوەیی دوور بخەنەوە. هەروەها چەندین داخوازی لەلایەن ناوەندەوە پێشکەش بە ویلایەتەکان کراوە و ئەو ویلایەتانە ناچارن کە لانی کەم پەیڕەوی داخوازییە هەرە گرنگەکانی وەك تەندروستی و چاککردنی خانوبەرەو پارستنی ئاسایش و ژینگە بکەن، چونکە ئەگەر ویلایەتەکان پەیڕەوی لەو داخوازییانە نەکەن ئەوا یارمەتی ساڵانەیان لێ دەبڕدرێت.

### فیدرالیزمی تکنۆکراتی

یەکێ لە کێماسیەکانی ((فیدراڵیزمی هاوکاری)) کە لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٥٥ ی پسپۆڕانی ئەمریکی لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتاندا هاتووە بە ڕاشکاوانە باسی ئەوە دەکەن کە یارمەتی ساڵانە بۆ ویلایەتەکان دەزگای سیاسی گشتی لاواز دەکات. پەیوەندییەکانی فەرمانبەران لەنێوان وەزارەتەکانی هاوچەشن چ لە ناوەند یا لە ویلایەتەکان بەرەو نزیکیەکی ئەوتۆ دەبات کە بە هێزترە لەو پەیوەندییەی نێوان وەزارەتەکان و ویلایەتەکان لەم حاڵەتەدا ڕابەرانی ویلایەتەکان دەسەڵاتیان بەسەر فەرمانبەرانی خۆیاندا نامێنێت. لە ساڵانی ٧٠کاندا سیاسەتمەداری بەناوبانگی کۆنسێرڤاتیڤی نوێ (دەبیر) باس لەو مەترسییە دەکات کە فەرمانبەرانی هاوپیشە لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی فیدراڵی و هەرێمی، واتە بیرۆکراتەکان یەکدەگرن و لەم ڕێگایەوە بە ئامانجەکانی خۆیان دەگەن و ئەوەش بە پێچەوانەی داخوازییەکان و پێداویستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە. لەو بوارەدا ژمارەیەکی زۆر پسپۆرو بیرۆکرات و سیاسەتمەدارو ئەندامانی کۆنگریس دەکەونە کارو زۆرجار تەنیا لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گروپی خۆیان دژی زۆر پرۆگرامی چاککردنەوە ڕادەوەستن و تەنیا بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕەچاو دەکەن.

لە پێناو لەناوبردنی ئەو دیاردە نێگەتیڤەدا نیوکۆنسەرڤاتیڤەکان پێشنیاری هێنانەکایەی فیدراڵیزمێکی نوێ بە ناوی ((فیدراڵیزمی رکابەری)) دەکەن.

### فیدرالیزمی نوێ «فیدراڵی ڕکابەری»

بۆ جاری یەکەم ئایدیای فیدرالیزمی نوێ لە ساڵی١٩٧٠دا لە پاش هاتنە سەر دەسەڵاتی ((ر.نیکسۆن)) باسی لێکراوە. لە سەردەمی ((ر.ریگان))دا، جارێکی تر ئەم باسە دووبارە بوو بەجێی سەرنجڕاکیشان. مەبەست لە فیدرالیزمی نوێ ئەوەیە کە شیان و توانا و دەسەڵاتێکی زۆر لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندیەوە کۆکراوەتەوەو پێویستە بدرێت بە ویلایەت و هەرێم و ناوچە خۆبەرێوەبەرەکان. ویلایەتەکان لەم بڕوایەدان کە پێویستە خۆبەڕێوەبەرییەکی زیاتر بە ویلایەتەکان بدرێت و توانای ئەوەیان هەبێت کێشەکانی وەك هەژاری و ژینگەو ریفۆرمی شارەوانی و هتد.. چارەسەر بکەن و سیاسەتێکی نامەرکەزی بێتە کایەوە و هاووڵاتیان بکێشرێنە ناو پرۆگرامی پێشخستنی شارەکان. لەناو

ئەو بیرو بۆچوونانەدا دابەشکردنی دەرامەت گرنگیەکی تایبەتی هەیەو پێیانوایە کە دەبێ دەرامەتەکان لەبەردەستی ویلایەت و ناوچە خۆبەڕێوەبەرەکان و فەرمانبەراندا بن و ئەو لایەنانە سەربەخۆیی زیاتریان لەمەڕ خەرجکردن و داڕشتنی پرۆگرامەکانی بەڕێوەچوون هەبێت. (ر.ڕێگان) هەوڵی دا دامودەزگای بیرۆکراتیی مەرکەزی کەمبکاتەوەو زیاتر توانا بخاتە بەردەست ویلایەتەکان و لەلایەکی تریشەوە سوبسیدی ویلایەتەکان کەمبکاتەوە، ناوەند تەنیا ئەو کێشانەی کە گرنگیەکی گشتیی فیدراڵیان هەیە وەك (پاراستنی ژینگە و پێکهێنانی ئیمکانیاتی بۆچوون و هتد) راپەڕێنێ و پرسەکانی تر کە پەیوەندیان بە بەرژەوەندی ویلایەتەکانەوە هەیە بەخۆیان بسپێردرێت.

لە کاتی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاندا گرنگیەکی زۆر دەدرا بە دینامیزمی سیستەمی فیدراڵی لەسەر هەلومەرجی رکابەری لەنێوان دەسەلاتەکانی ناوەند و ویلایەتەکان و لەنێوان خودی ویلایەتەکان و لەنێوان شارەکان خۆبەخۆ و ئەو رکابەریە دەبێتە مەرجی پێشکەوتنی ئابوری و لابردنی پاڵەپەستۆی باج لەسەرشانی لایەنێك. بەپێی بۆچوونی لایەنگرانی ئەو بیروڕایانە کە گوایە هێنانەکایەوەی ئەو جۆرە رکابەرییە زەمینە خۆش دەکات تا ویلایەتەکان بتوانن پێش بکەون و ئەو ویلایەتانەی کە توانای خۆراگری ئەو رکابەریەیان نەبێ ئەوا ناچارن هەوڵێکی زیاتر بدەن و خۆیان بگەیەننە رادەی گشتی پێشکەوتن.

## ئەلتۆزیۆس و دامەزراندنی فیدراڵیزم

یەکەم تیۆریزانی فیدراڵیزم یوهانێسە فۆن ئەلتۆزیۆسە کە لە ساڵانی (١٥٥٧-١٦٣٨) ژیاوە و یەکەم بەرهەمی لە ساڵی ١٦٠٣دا نووسیوە. ئەلتوزیۆس خوێندنی لە سوێسرا تەواوکردووە. لەو کاتەدا سوێسرا لە کۆنفدرالیی کانتۆنەکان پێکهاتبوو. لە زانکۆی بازیل خوێندوویەتی و پلەی دکتۆراشی هەر لەوێ وەرگرتووە. لە زانکۆی هۆلەندی شاری ئینمدین دەرسی گوتۆتەوە و پاشان بووە بە سەرۆکی شارەوانی ئەو شارە، بەو شێوەیە ژیانی لەو حەفت ویلایەتە یەکگرتوانە واتە لەو حکوومەتانە کە بە شێوەیەکی فیدراڵی دامەزرابوون بەسەر بردووە، ئەو خۆبەڕێوەبردنە نە تەنیا ویلایەتەکانی دەگرتەوە بەڵکو شارو ڕێکخراوەکانیش مافی خۆبەڕێوەبردنیان هەبوو. ئەلتوزیۆس پێیوایە کە دەبێ پەیمانێکی بۆچوون لە نێوان خەلك و حکوومەتدا لە پێناو گەشەساندنەوەی کۆمەلایەتیدا ببەسترێت. ئەلتوزیۆس لەو بڕوایە دایە کە حکوومەت دەبێ لە هەموو رادەکانی بۆچوون و سیاسی و ڕێکخراوەکاندا وەکو باج، کارگە، کەنیسا و هەتا پارێزگاکانیش بگرێتەوە.

یەکێتی ئارەزوومەندانە لەنێوان کەسایەتییەکانی جیا کە باج پێکدێنن و لە ئاکامی یەکگرتنەوەی باجەکانیش کۆمەڵ و لە نەتیجەی یەکگرتنی کۆمەڵەکان پارێزگاو لە یەکگرتنی پارێزگاکان حکوومەت دروست دەکرێت بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی ئەلتوزیۆس لەو سەردەمەدا سەروەری بۆ پادشاو حکوومەت دەگەڕاوە، بەڵام ئەلتوزیۆس سووربوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ سەروەری بەدەست خەڵکەوە بێت کە لە سەردەمی ئێستاماندا ئەو تیۆریە ناوی (تیۆری سەروەری گەلی فیدراڵی ) وەرگرتووە.

### تیۆری بۆچوونی فیدراڵی

لە سەدەی بیستەمدا سیاسەتمەداری ئەمریکی ((ئویلیام لیڤینگیستون)) پەرەی بە تیۆری ئەلتوزیۆس دا و نووسیویەتی پێویست ناکا نەك لە بەرهەمەکانی مافناسی یا یاساکانی بنەڕەتی بەدوای وشەی فیدراڵیزم دا بگەڕێین، پێویستە ماهیەتی هێنانەدی لە هێزی ئابووری، بۆچوون، سیاسی، یان کولتوریدا بێت. سیستەمی فیدراڵی ئامرازێکە سروشتی کۆمەڵ دەپارێزێت. بە واتای لیڤینگستون فیدراڵیزم دەربڕینی سیاسیی ناوەوەی ماهیەتی کۆمەڵە. بە قسەی لیڤینگستون ناتوانین هەموو کۆمەڵگایەك بە فیدراڵ لە قەڵەم بدەین تەنیا ئەو کۆمەڵگایانەی کە خاوەنی جیاوازی کولتووری و ئایینی و ئیتنیکی و ئابووری و هیتر. گرنگترین پێوەری جیاکەرەوەی فیدراڵیزم لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵگاکانی تر ئەوەیە کە دانیشتوانی رووبەرێکی جوگرافیای دیاریکراو بەرژەوەندییەکانیان بناسن و بە رێگای رێکخراوگەلی سیاسیی تایبەت بە خۆیان داوای مافەکانیان بکەن.. رەخنەگران سەرەنجی ئەوە ڕادەکێشن کە پێناسێکی ئاوا واتای فیدراڵ زۆر بەرفراوان دەکات و ئەگەر بەپێی ئەو پێناسەیە بێت لە کۆمەڵگای فەرەنسایی و ئیتالیایی، خۆ ئەگەر باسی بەریتانیاش نەکەین، دەبینین یاسای پاراستنی بەرژەوەندی رووبەری جوگرافیایی لەو کۆمەڵگایانەدا هەیە، واتە ئەوانەش فیدراڵین. هەر لەسەر بنەمای ئەو پێناسانە دەتوانین بڵێین وڵاتانی تورکیاو عیراقیش (لە کاتی سەدام ) فیدراڵین، چونکە ئەو خەڵکەی دانیشتووی ئەو هەرێمە جوگرافیاییە دان بە هەبوونی نەتەوەیی خۆیاندا دەنێن و ئامرازی دەربڕینی رای خۆشیان هەیە واتە پارتە سیاسییەکانیان کە پارتی سیاسی کوردین. ئێمە ناتوانین بە یەکسانی باسی ئەو مافانەی کە بەکردەوە لە بەریتانیا هەن و ئەو مافانەی کە لە تورکیا نیین بکەین، بەڵام ئەو پێناسەیە خۆی لە خۆیدا دەتوانێ ببێتە بناغە و پێوەری لێکجیاکەرەوە بە مەرجێك دانپییانان لە کردەوەدا هەبێت.

### تیۆری فرە نەتەوەیی و دیموکراتی کۆنسەرڤاتیڤ

ئێستاش پرۆفیسوری سیاسەتمەدار، لەدایکبووی هۆلەندا، مامۆستای زانکۆی کالیفۆرنیا ((ئارێند لێیپهارت)) تیۆری فرە نەتەوەیی داناوە کە لە بەرهەمەکەی دا لە ساڵی ١٩٧٧ بە ناوی ((دیموکراسی لە کۆمەڵگاکانی فرە نەتەوەیی)) بڵاویکردۆتەوە، لێیپهارت باسی ئەو وڵاتانە دەکات کە میللەت و ئایینی جۆراوجۆرو داب و رێ و رەسمی تایبەتی خۆیان هەیە وەك کۆمەڵگای لوبنان یان کۆمەڵگای فرە نەتەوەی بەلجیکا هتد. ئەو ڕەخنە لەو سیاسەتمەدارانە دەگرێت کە دەڵێن دیموکراسی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم کە خاوەنی چەندین نەتەوەن جێبەجێ ناکرێت و ئەو وڵاتانە لەگەڵ رۆژئاوادا جیاوازن. لێیپهارت لەو بڕوایە دایە لەو چەشنە کۆمەڵگایانەدا کە دەسەڵاتی زۆرینە لەسەر کەمایەتی زاڵە دیموکراسی ناچەسپێت لەبەر ئەوەی کەمینە هەمیشە لە حاڵەتی ئۆپۆزیسیۆن دایە و ناتوانێ بگاتە مافی خۆی. لێیپهارت تیۆری فرەنەتەوەی یان دیموکراسی کۆنسەرڤاتیڤ شیدەکاتەوە، کۆمەڵگایەکی لەو چەشنە تەنیا بەرێگای کوالیسیون( ) کە نوێنەرانی هەموو نەتەوەکان بەشداری تێدا بکەن، هەروەها شورایەك لەو نوێنەرانە و سەرۆکی ئەو

وڵاتانە دروست بکرێ لە شێوەی دەسەڵاتی لوبنان. خاڵی دووەمی زۆر گرنگ لەو تیوربیە دابینکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو گەل و ئاییانانەیە کە کەمایەتین، تا بتوانن کولتورو داب و نەریتەکانیان بپارێزن. لێیپهارت دەڵێت ئامرازی گرنگی گەرەنتیکردنی ئەو جۆرە دەسەڵاتە، هەبوونی مافی ڤیتۆیە واتە ئەگەر گروپێك لە دژی رابوەستێ ئەو بڕیارە جێبەجێ ناکرێت. پێویستە پلەو پایە حکومیبەکان و بودجەی ئەو وڵاتانە بەپێی ژمارەی نەتەوە و ئاییینەکان دابەش بکرێ. بۆ گەرەنتیکردنی ئەو جۆرە سیستەمە پێویستە پارلمانێکی بەرز لە نوێنەرانی نەتەوەو سۆسیالەکان دروست بکرێ و ئەو پارلمانە نوێنەرایەتی هەموو لایەکان بکات تا پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ناوەندو هەرێمەکاندا دروست ببێت و بەو رێگایەدا ئۆتۆنۆمیەکان بتوانن لەسەر گۆڕانکاری یاسا بنەڕەتییەکان کاریگەربن، دەبێ پرنیسیپی کانسێنسوس واتە مافی ڤیتۆ هەبێت. لێیپهارت دەڵێ سیستەمی فیدراڵی باشترین شێوەی دەسەڵاتە بۆ ئەو هەرێمانەی کە دانیشتوانیان بەپێی رووبەری جوگرافیایی بڵاوبوونەتەوە.

رەخنەگرانی ئەو تیوربیە دەڵێن ئەو شێوە سیستەمە وڵات لە یەکتر دادەبڕێت، هەبوونی ئیتنیکی دەبێتە فاکتەرێکی هەمیشە و لە ئاکامدا بەرەو چەسپاندنی دژایەتی نەتەوایەتی دەبات، بەڵام لێیپهارت لەو بڕوایەدایە بوونی ئەو نەتەوانە کۆمەڵگا بەرەو یەکگرتنێکی بەتین دەبات، لە کاتی دابەشکردنی دەسەڵات لایەنەکانی بەهێز ڕۆڵی سازش دەبینن، ئەگەر رەچاوی ئەو رەخنەگرانە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە یەکەم: ئەو خەڵکەی کە لە تاکە نەتەوەیی لە وڵاتانی عەرەبدا ژیاون، ناتوانن ئەو جۆرە دەسەڵاتدارییە پەسند بکەن، نازانن فاکتەری ئتنیکی راستییەکی بەرچاوەو لە زیادبوون دایە و لەو ڕووەوە دەتوانین سەرنج بۆ وتەکانی پسپۆڕێکی ئەمریکی ڕابکێشین کە دەڵێ دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر گروپە ئتنیکی و ئایینیەکاندا عیراق بەرەو کێشە دەبات و دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەمە نەتەوەکانی وەکو ئاشوری و تورکمان نەتوانن بەشداری یەکسان لە دەسەڵاتدا بکەن، بە واتایەکی تر ئەو پسپۆرە سیاسەتوانە دەڵێ ئەگەر ئەو دابەشکردنە بەپێی بنەمای ئتنیکی و ئایینی نەبێت، ئەو جیاوازیانەش نایەنەدی، بۆ نمونە کاندیدێکی ئاشوری دەتوانێ بە شێوەیەکی هاوسان ڕکابەری لەگەڵ کاندیدێکی عەرەب بۆ سەرۆك کۆماری بکات، بەڵام بەداخەوە ئەوە لەبیردەکات ئەگەر لە خەڵکی ئاشوری خۆیان بپرسن کە ئایا ئەو ئاشوربیە پێی خۆشە مافەکەی واتە ئەگەر کەمیش بێت، بێتە گەرەنتیکردن یان پێی خۆشە ببێتە سەرۆك کۆمار، کە ئەویش مەحالە، بێشك دەڵێ من ئەو مافە گەرانتیەم دەوێت. ئەو رەخنانەی کە لە سەرەوە باسکران نوێنەرانی نەتەوە دەسەڵاتدارەکان یان ئەوانەی کە زۆربەن، بە خۆشحاڵیەوە ئەو رەخنەو بۆچوونانە وەردەگرن. بۆ نمونە نەتەوەی عەرەب لە عیراق بەبەراورد لەگەڵ ئەو رەخنەگرانە زۆرباش دەزانن وڵاتەکانیان دابەشە بەسەر دیاردەی ئتنیکی و ئایینی، بەڵام لە پێناوی پاراستنی یەکێتی نەتەوەیی و خۆسەپاندن و یەك شێوە دیموکراسی بۆ هەمووان لە ژێر سایەی زۆر بیانوی تر، هەوڵ دەدەن مافی نەتەوەیی و ئایینی و گروپی

خەڵکانی تر لەبەرچاو نەگرن و دەسەڵاتی خۆیان بۆ هەمیشە بچەسپێنن.

**(ئۆتۆنۆمی کولتووری - نەتەوەیی) و فیدراڵیزمی فرە نەتەوەیی**

لێرەدا باس لە دوو جۆرە ئۆتۆنۆمی دەکرێت یەکەم لەسەر مەرجی جوگرافیاییە واتا بە ناوی فیدراڵیزم ناسراوەو ئەوی تریش بە ناوی (ئۆتۆنۆمی کولتووری -نەتەوەیی یان ئیکستریتۆریال) ناسراوەو باسی ئەو جۆرە ئۆتۆنۆمییە لە سەدەی ١٩هەمدا کراوە.

بۆ یەکەمجار بیروباوەڕی ئۆتۆنۆمی کولتووری - نەتەوەیی لەلایەن سۆسیال-دیموکراتەکانی نەمسا بۆ کۆمەڵگای فرەنەتەوەی ئیمپراتۆریای نەمساو هەنگاریا پێشنیار کرا. لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریادا زۆر نەتەوە بە شێوەیەکی تێکەڵاو دەژیان و بۆیە جێبەجێکردنی ئەو شێوە فیدراڵییە جوگرافیاییە نامومکن بوو، لە حاڵەتێکی ئاوادا ((ئوتو باوێر)) و ((کارل رینر)) پێشنیاری پێکهێنانی خۆبەڕێوەبردنی نەتەوەییان کرد کە بە ناوی ئێکسترتیۆریال بەناوبانگە. لە نەمسادا هەر کەسێك ئەندامی کەنیسەیەك با، بۆ نموونە یان سەربە کەنیسەی کاتۆلیك، یان پرۆتستان، یان یەهودی و .. با، و دەبوایە باجی خۆی بدابایە بە یەکێك لەو کەنیسانە ((وەتا ئەمرۆش هەر بەو شێوەیەیە)) مارکسیستەکانی نەمساوی بڕیاریان دا لەجیاتی ئەوەی باج بدەن بە کەنیسە، بیدەنە ((نەتەوە)) و ئەو باجە لەپێناو پێشخستنی کولتوور و ڕۆشەنبیری و قوتابخانەو زانکۆ تئاترو مۆزەو هتد خەرج بکرێت. ئەو شێوە سۆسیالیانە لەسەر بنەماگەلی رووبەری جوگرافیایی دروست ناکرێن، بەڵکو بەپێی ئەوەی کە ئەگەر ناوچەیەك لە شارێك، یان لە شوێنێکی تری ئەو وڵاتە زۆربەیان سەر بە نەتەوەیەکی جیا بن لەو کاتەدا ناوچەی ئۆتۆنۆمی کولتووریی نەتەوەییان بۆ دروست دەکرێت کە مافی خۆبەڕێوەبردنیان لەو شوێنە، یان ئەو گەڕەکە هەبێت. بۆ نمونە ئەگەر لە ژێر دەسەڵاتی هەرێمێکی جوگرافیایی نەتەوەیی کە مافی فیدراڵی هەیە یەك یان دوو گەڕەك خەڵکی تر بن و بە رەگەز جیا بن لەو نەتەوەیەی کە زۆرینەیە و مافی فیدراڵیی هەیە، واتە ئەو گەڕەکانە دەتوانن مافی کولتووری - نەتەوایەتی وەربگرن و بۆ خۆیان گەڕەکی خۆیان بەڕێوەبەرن. ئەو بۆچوونانە لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی ئۆتۆنۆمی کولتووری- نەتەوایەتی لە ئیمپراتۆریەتی نەمسا - هەنگاریا جێبەجێ نەکران، بەڵام ئەو بیرۆکەیە لە دەرەوەی نەمسا پشتگیری پەیدا کرد بە تایبەتی لە رووسیا لایەنگرانێکی زۆریان هەبوو و پارتی سۆسیال -دیموکراتی یەهودی (بۆند) زۆر پشتگیری لەو بۆچوونانە دەکرد، هەروەها لایەنەکانی تری لیبرالی و سۆسیال دیموکراتی جگە لە بەلشەڤیکەکان. لە ساڵی ١٩٢٥ دا لە ئیستونیا یاسای ئۆتۆنۆمی کولتووری بۆ کەمە نەتەوایەتییەکان دەرکراو بەپێی ئەو یاسایە ئەگەر کەمە نەتەوایەتییەکان ژمارەیان بگاتە ٣٠٠٠ کەس ئەوا مافی ئەوەیان دەبێ قوتابخانەو تئاترو کتابخانەیان بە زمانی خۆیان هەبێت. یەهودیەو ئەڵمانەکان توانیان کەڵك لەو یاسایە وەربگرن.

هاوکات لەگەڵ هەبوونی مافی فیدراڵیی جوگرافیایی نەتەوەیی لە بەلجیکا لە ساڵی ١٩٩٣ دا ڕێگای دروستکردنی ئۆتۆنۆمی کولتووریی نەتەوەیش بەو گەلانە درا کە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە جێگای

جۆراوجۆر ژیان دەبەنەسەر. دوایی لە باسی شێوەی فیدرالیزمی بەلجیکا بەدرێژی لەم بابەتە دەدوێین.

## سەرەتایەکانی پێکهێنانی سیستەمی فیدراڵی لە ئەوروپا

دوو شێوە لە پەرەسەندنی کۆمەڵگای ئەورووپی لەمەڕ دروستبوونی نەتەوە بەرچاو دەکەوێت. یەکەم شێوە یونیتاریستی وەکو فەرەنسا و دووەم شێوەی فیدراڵی وەکو ((ئەنگلۆ ساکسۆنی)). سەرەڕای ئەوەش ئێمە ناتوانین پرۆسەی دروستبوونی هەموو کۆمەڵگایەکان بە یەك شێوە لە قەڵەم بدەین، چونکە زۆر قۆناغی مێژوویی تێپەریوون و زۆر گۆڕانکاری بەسەر وڵاتانی ئەوروپادا هاتووە.

لە سەدەکانی ناوەندا، یەکەم ئەوروپا لە زەویەکانی کانگلۆمیران و پارێزگاکان و دەسەڵاتدارانی فیۆدالی و دووەم لە ئاستی شارەوانیش خەڵك لە چینەکانی دەربار و خەڵکی ئایینی و سێیەم لە جوتیاران و هاووڵاتی کۆمۆنەکانی شاری، پێکهاتبوو. هەموو زەوی و پارێزگاکان مافێکی تایبەتی و دەسەڵاتی ناوچەیی و یاساگەلی تایبەت و دراوی و ... خۆیان هەبوو و لە ناوچەگەلی جۆراوجۆردا بە زاراوەی جیاواز دەدوان و چینەکانیش مافێکی تایبەت بە خۆیان هەبوو. پارێزگاکان دەیانتوانی لە ژێر دەسەڵاتی پادشایەتیەك بچنە ژێر دەسەڵاتیکی ترەوە.

لە سەردەمی نوێدا ئەرکی ئەورووپییەکان ئەوە بوو لە پەرت و بڵاوی چینایەتیو زاراوەی جیاواز و جیاوازی بۆچوون رزگار بن و بەرەو پێکهێنانی نەتەوەگەلی یەکگرتوو لەسەر بنەمای هاوسان کە مافی هاووڵاتیان رەچاو بکرێت، بچن. لەنێوانیاندا بە شێوەیەکی هەرە رادیکال فەرەنسییەکان پێی هەڵسان و پێکهاتەیی کۆمەڵگایە جوگرافییەکانیان تێکدا. هەر چەندە لە سەرەتادا بڕیار وابوو وڵاتێکی فیدراڵی هاوچەشنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێکبهێنن، کەچی بە پێچەوانەوە دەسەڵاتێکی ناوەندی بەهێزی سەرکوتکار لە جێگای فیدراڵ هاتە کایەوە، وڵاتیان بە سەر سەدان دیپارتامێنت دابەشکرد، مەرج و پێوەری ئەو دابەشکردنە ئەوە بوو کە بە سواری ئەسپ بتوانرێ لە دیپارتامێنتێکەوە بۆ ئەوی تر رۆژەڕێیەك ببڕن. لایەنە شۆرشگێرە هێمنترەکە ((ژیروندیست)) بوون کە داوایان دەکرد ئەو دیپارتامێنتانە مافی سۆسیالیان هەبێ، بەڵام لە کاتی بەرێوەبەرایەتی دیکتاتۆر یاکوبی لە ساڵانی ١٧٩٣- ١٧٩٤ دا، داواکردنی ئەو مافە بە شتێکی دژ بە شۆرشگێرێتی لە قەڵەم دەدراو خەڵکی داخوازکار بەو تۆمەتە دەدرانە بەردەم چەقۆی گیوتین. بەتەواوەتی ئومێدەکانی هێنانەدی فیدراڵیزم لە ساڵی ١٨٠٠ دا بە دەست ناپلیۆن لەناوچوون. لەو کاتەوە هەتا ساڵی ١٩٨٢ ئەو دیپارتامێنتانە بەپێی ئەو یاسایانەی کە کاتی خۆی دەرچووبوون، لە فەرەنسا بەرێوە دەچوون. ئەوە نمونەی دەسەڵاتێکی یەکگرتووە، کە بوو بە پەیڕەو بۆ وڵاتانی ئاسیاییش. ناپلیۆن یاسای وەکیەکی هاووڵاتیانی لە بەرانبەر یاسادا چەسپاندو شۆرشی فەرەنسای بەرەو یەك نەتەوەیی برد بۆیە تا ئێستا گەورەترین جەژن، جەژنی شۆرشی فەرەنسایە و سرودی نەتەوەیش هی ئەو شۆرشەیەو لە سەر ئەو بناغانە هەستی نەتەوایەتی بەهێز بڵاوکراوەتەوە. لە هەمان کاتدا ئینگلستان بە رێگایەکی تر واتە قۆناغ بە قۆناغ تێپەڕیوەو لەجیاتی پەیڕەوکردنی رێگایەکی شۆرشگێرانە هەوڵیدا دابونەریتی نەتەوەیی و کولتووری

ناوچەکانی تر بپارێزرێ و حکوومەت خۆی تێکەڵاوی کاروباریان نەکات. بۆ نمونە هەتا ساڵانی ٧٠ ی سەدەی نۆزدەهەمیش، قوتابخانەکان هەموو کەسایەتی بوون ئەگەر بەپێی تیۆری لیڤینگستون شیبکەینەوە واتە ئینگلستان خاوەنی سیستەمێکی فیدراڵ بووە و ئەو شێوەیەی بەرەو باکووری ئەمریکاو ئوسترالیاش گواستۆتەوە.

بەبەراورد لەگەڵ ئینگلستاندا، ئالمانەکان تا رادەیەك سیستەمێکی جیاوازی فیدراڵییان لەگەڵ ئینگلستان دروستکرد و ئەویش بە شێوەی فیدراڵیی زەوییەکان بوو، هەڵبەت جگە لەو ١٢ ساڵەی بەرێوەبەرایەتی رژێمی نازی هیتلێری نەبێت، ئالمانیا هەمیشە بە شێوەی فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی زەوییەکان بووە. لە پاش شەڕ سێ نمونەی تەواوی فیدراڵی ئالمانیاو نەمساو سوێسرا بوون، لە پاشان بەلجیکا ئەو نمونەی پەیڕەو کردووە. هۆی ئەو دیاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قۆناغە کۆنانەی کە نەتەوە ئالمانییەکان (کە رەگەز ئینگلیز و هۆلەندیش رەگەز ئالمانین) ئازادیی جوتیارانیان هەر هەبووە، بەڵام لە وڵاتانی رۆمانی وەکو (فەرەنسا، ئیتالیا، ئیسپانیا ) کە لەسەر بنەمایەکانی ئیمپراتۆری رۆم دروست بوون، ئەو ئازادییە نەبووە

لە مێژووی نوێدا واتە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم فەرەنساو ئینگلستان هەوڵیان داوە سەروەری نەتەوەیی بچەسپێنن، بەڵام شێوەی سەروەری لەو دوو وڵاتە بە شێوەی جۆراوجۆر بووە. لە فەرەنسا ئەو سەروەریە بە یەکێتییەکی نەتەوایەتی و تاك نەتەوەی تێدەگەیشتن، بەڵام لە ئینگلستان ئەو سەروەریە بە شێوەی هەبوونی ناوچە فیدراڵییەکانی خۆبەریوەبەر بووە.

لەگەڵ هەبوونی حکوومەتی مەرکەزی لە هەموو وڵاتەکانی ئەوروپادا شێوەی کۆمەڵگای مەدەنی بەپێی بنەمایەکانی ئازادی دروشمەکانی شۆرشی فەرەنسا بووەو لە ناوچەکان خۆبەرێوەبەرایەتی بەرچاو هەتا لەو وڵاتانەی کە بەرێوەبەرایەتی ناوەندیشیان هەیە بنەمایەکانی فیدراڵی پەیڕەوکراوە. لیڤینگستون وڵاتێکی یونیتاری وەکو فەرەنساش بە فیدراڵ لە قەڵەم دەدات.

## پێویستە سیستەمی فیدراڵی لە رۆژهەڵاتدا بێتەکایەوە

ئەو شێوە دەسەڵاتە ناوەندیەی کە ناپلیۆن هێنایە کایەوە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتیشدا لاسایی ئەو سیستەمە یەکگرتووە کراوەتەوە و مافەکانی کۆمەڵگاکانی مەدەنی خرانە ژێر پێ. نمونەی لەو شێوە رژێمانەمان زۆرن بۆ نمونە لە تورکیا جگە لە زمانی تورکی، زمانەکانی دیکە قەدەغەکران هەرچەندە کە سوڵتان عبدالحمید خوێنرێژانە حوکمی دەکرد، بەڵام توانای ئەوەی نەبوو زمانی نەتەوەیەکی تر قەدەغە بکات، لە کاتی ئیمپراتۆری عوسمانی خۆبەرێوەبەراتی ئۆتۆنۆمی چ وەکو خۆبەرێوەبەرایەتی کەنیسەیی و یا ویلایەتی کوردی بووبێت، هەبوو، ئەو ئیمپراتۆریەش توانای ئەو کۆنترۆڵکردنە رەهایەی نەبوو. لاساییکردنەوەی سیستەمی ئەوروپایی لەسەر بنەمایەکانی دەسەڵاتێکی ناوەندی یەکگرتوو لەلایەن کەمالییەکان لە پاش دامەزراندنی تورکیا نیشانەی ئەوەن کە چۆن هەوڵیاندا ئەو دەسەڵاتە یەکگرتووە بسەپێنن و چۆن سیاسەتی قەدەغەکردنی زمانی کوردیان گرتە بەر. کەمالییەکان

بە شێوەی خۆیان لاسایی یاسای فەرەنسایان کردەوە و بەندی یەکەمی یاسای بنەڕەتی هەروەکو خۆی گواستراوەتەوە و بەندی سەروەری نەتەوەش وەك فەرەنسیەکە نووسراوە، بەڵام ئایا مەبەست لە نەتەوە چییە بە واتای تورکییەکەی نەتەوە هەر گەلی تورك لە تورکیا دەژیت، بەڵام بەواتای فەرەنسی کە دەڵێ هەر هاوڵاتیەکی فەرەنسی-فەرەنسییەو مەبەستی فەرەنسییەکان ئەوەیە کە هەموو خەڵکی فەرەنسا هاوڵاتی فەرەنسین، بەڵام مانای ئەوە نییە کە هەموویان فەرەنسین بەڵکو تەنیا هاووڵاتین، بەڵام بە مانای تورکییەکەی کە لە ماددەی ٦٦ هاتووە هەموو هاوڵاتیانی تورکیا تورکن و هەتا ئەو بەندەش زیادکراوە کە نابێ هەرەشە یێك بکرێتە سەر یەکێتی وخاك و سەروەری تورکیا کە بەپێی ئەو یاسایە مانایەکی مافی پێ دراوە، واتە کەس حەقی نییە لە دەرەوەی ئەو بەندە داخوازی تری هەبێ، ئێستا لەو دوایەدا بەپێی ماددەی ٢٦ یاسای بنەڕەتی تورکیا هاتووە و دەڵێ ((ئەو زمانانەی کە بەپێی یاسا قەدەغە کرابوون خەڵك بۆیان هەیە کە پێی بدوێن و بیری پێ بکەنەوە)) بنەمای بیرکردنەوەی ئاتاتورك ئەرجەحیەتی دەدا بە ناسینی مافی نەتەوایەتی بەسەر مافی کەسایەتی، هەڵبەتە لێرە مافی نەتەوایەتی بە واتا ئەوروپیەکەی واتە فرە نەتەوەیی سیاسی نییە، بەڵکو بە مانای یەك نەتەوە لە رووی سیاسی و ئێتنیکیەوە لەسەر ئەو بناغەیە داننەنان بە ئێتنیکی تورکی بە خیانەتکاری وڵات لە قەڵەم دەدرێت، ئامادەن کە بە هەر نرخێك بێت یەکێتی و سەروەری تاکە نەتەوە بپارێزن و هەر رێگرێك لەو رووەوە لەناو ببەن. بەپێی ئەو پێناسەو ئەو بۆچوونانە زیاتر لە بیروبۆچوونی فاشیستی نزیکن نەك لە دیموکراتی ئەوروپی. بۆچوونی نەتەوایەتی بەپێی پێوەرێکی (ئێتنیکی و کولتووری) مانای رەگەزپەرستی دەگەیەنێت و شتێکی ئاساییە کە لە کۆمەڵگایەکی لەو چەشنە بیرورای فاشیستی زاڵ دەبێ و مافەکانی کەسایەتی پێشێل دەکرێ و هەروەها دەبێتە پێوەرێك بۆ دیاریکردنی ماف و بەپێی ئەو یاسایە خەڵك دەدرێنە دەست دادوەری.

ئێستا ئەرکی نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە کە خۆیان لە دەسەڵاتێکی ناکارامە و وێرانکار دووربخەنەوە و رێگای دیموکراسی و مۆدێرنیزە بگرنەبەر، ئەوە تاکە رێگایە تا خۆیان لەو پەیوەندییە ئاڵۆزانەی کە لە وڵاتانی فرە نەتەوەی ئەو سەردەمەدا هەبوو وەکو بیرۆکراسی و دەسەڵاتیکی زاڵمانە دوور بخەونەوە و پەیڕەوی سیستەمێکی فرەنەتەوەی خۆبەڕێوەبەر بکەن.

لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا مافی مەدەنی لەگەڵ یونیتاری بەرێوە چووە، بەڵام جیاوازە لەگەڵ ئەوەی وڵاتانی رۆژهەڵات. لەوێ مافەکانی دیموکراتی و داب و رسومی مەدەنییان نییە و ئەو تاقیکردنەوەشیان نییە. لە رۆژهەڵاتدا یونیتاریزم واتای دەسەڵاتی دیکتاتۆرییە لە وڵاتانی رۆژئاوا لە رێگای دیموکراتییەوە گەیشتونەتە فیدراڵیزم، بەڵام لە رۆژهەڵاتدا بەپێچەوانەیە و دەبێ لە رێگای فیدراڵیزمەوە بگەنە دیموکراسی.

* **نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە رووسیای فیدرالی**